**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٣٠٦٧ لە ٤/١٨/ ٢٠٢١**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ماددەی (١٧) بڕگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠١٠ ) وە بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە :

١- گۆڕینی نووسینگەی قوشتەپە بۆ بانکی قوشتەپە .

٢- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕێکەوتی بڵاوبونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

**بەیانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی (هۆبەی تەندروستی هەرزەکاران) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/٧.

**بەیانی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی (هۆبەی تەندروستی هەرزەکاران) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/٧.

**بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی (هۆبەی تەندروستی هەرزەکاران) لەبەشی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە دیوانی وەزارەت
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/٧.

**بەیانی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی (تاقیگەی PCR) بۆ پشکنینی نەخۆشیەکانی (Covid-19) لە نەخۆشخانە گشتی زاخۆ سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/١٥.

**بەیانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی هۆبەی (چاودێری کردن و بەدواداچوونی دەرمان) لە بەشی دەرمان و پێداویستی پزیشک سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی٢٠٢١/٣/١٥.

**د. سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**